# چاكسازی ئاینی

ن/ وەلید حسنی
و/ هێمن مەحمود
Hemnm1979@yahoo.com

مەبەست لە چاكسازی ئاینی  ئەو رووداوە گەورە و پەیوەندیداریە بە سەدەی شانزەیەمەوە كە هەموو ژیانی ئاینی ئەوروپای لەرزاند،كە دواتر بوبەهۆی لە دایكبونی كەنیسەی پرۆتستانتی، چونكە كەنیسەی كاسۆلیكی كە سەر بە ڤاتیكان بوو كاریگەرییەكی سەلبی هەبوو لەسەر زۆرێك لە یاسا و دەسەڵاتە سیاسییەكان و دەزگاكان و زیهنییەتی كۆمەڵگا پەیوەنددارەكان، هەرچی رۆڵە كاریگەرەكەی ئەم كەنیسەیەشە لە رەتكردنەوەی هەر رێژەگەراییەك یاخود بیركردنەوەیەكی ئازادانە یان جیابونەوەیەكی ( هەرتەقە )یدا خۆی دەبینیەوە.

ئەو كاتەی كە چاكسازییەكە لە ناوەوەدا بو بە شتێكی مەحاڵ، چاكسازیخوازەكان لە كەنیسەی كاسۆلیكی هاتنە دەرەوە و بەهۆی سود وەرگرتنیان لەگۆڕانكارییەكان توانیان ژیان بدەن بە جیابونەوەكەیان، چونكە كەنیسەی كاسۆلیكی توشی سڕبون هاتبو، ئیدی توانای ژیانی نەمابوو لەگەڵ فراوانبونی زانست و جۆرەكانی بیركاری تازە، لەلایەن خۆشیەوە داهێنانی چاپ مەسافەی نێوان مەعریفەكانی كورتتركردبویەوە، بەجۆرێكی وەها بە ئاسانی دەتوانرا دیراسەی نوسینەكانی باوكە  گەورەكانی پێشوی كەنیسە لەگەڵ تازەكاندا بكرێت، هەركە جیاوازییەكانیشیان دەركەوت ئیدی ئینجیل بە شێوەیەكی میللی بڵاوبویەوە و تەئویلی جیاوازجیاواز كرا.

هەر بەهەمان ئاراستە دەركەوتەكانی هەستی نەتەوایەتی و جیابونەوە لاتینیەكانی هەندێك لەهجەی زمانەوانی ئەوروپی كە دواتر بون بە زمانی نەتەوەیی نەتەوە جیاوازەكان دەرئە نجامی ئەوەی لێكەوتەوە كە گەلانی ئەوروپی كەنیسەكان بخەنە ژێر دەستی كاهینە محەلییەكان لەبری هە یمەنەی ڤاتیكان بە سەرییەوە.

هەركە زانستخوازەكانیش گلەیی و گازەندەیان زۆربوو لەسەر ئەوەی كە كەنیسە ناتوانێت هاوشانی سەردەمەكەی خۆی بێت، گۆڕانكارییەكی دیكەش سەریهەڵدا ئەویش روانین بوو بۆ سیاسەت بەو سیفەتەی  دەكەوێتە چوارچێوەی ئیختیاراتەكانەوە نەوەك سەرچاوەیەك بێت بە بیانوی موقەدەسەوە ڤۆرخبكرێت.

ئەوەی كە رابەری چاكسازیخوازانیش ( مارتن لۆسەر ) رایگەیاند ئەوەبو كە مەرج نیە دەسەڵاتە باڵا ئاینییەكان هەڵەنەكەن، هەروەها هەموو مەسیحییەكیش لە بەرامبەری خودادا یەكسانە، لە كاتێكیشدا كە دەسەلاتی پا پاوییەتیش لە هەندێك مەسەلەی عەقیدەیدا لایداوە.

لۆسەر برواشی وەهابو كە مەرجیعی ئیمانداران پەیوەستە بە  ویژدان و عەقڵی ئەو كەسە و كتێبی پیرۆزەوە، گرگنتر لەوەش ئەو گەشەی بە تیۆری ( دوو مەملەكەتیدا ) واتە كەنیسە و دەوڵەت، ئەمەش بەواتای ئەوەی كە مادام ئیمان هەموان ناگرێتەوە، كەواتە ئەمە هۆكارێكی چاكە بۆ بونی مەملەكەتێكی دیكە واتە دەوڵەت. بەڵگەی لۆسەریش بۆ ئەمە ئەوەیە كە نابێت ئەو دوو مەملەكەتە تێكەڵاوبكرێت و موقەدەس بەسیاسی بكرێت.

هەر كە ئەم بڕوایانەش جێگیربوو لە سویسرا بزوتنەوەیەكی هاوشێوە كە ( ئۆلریش زوینگلی ) رابەرایەتی دەكرد وە دەركەوت، شاری ( جنێف )یش كەوتە ژێر كاریگەری (  جۆن كالڤن )ی قەشەی چاكسازیخوازی فەرەنسییەوە كە لە وڵاتەكەی خۆی هەڵهاتبوو.

ئەم قەشەیە كە لەهەموان توندڕەوتربو كاری بۆ كرد كە ( لاهوت ) بكاتە مادەیەكی ئەكادیمی و بخوێندرێت، كە ئەمەش دەبێتە هۆی دەركەوتنی  پیاوە ئاینیە رۆشنبیرەكان.

دواتر ئەم بزوتنەوەیەش بەرابەرایەتی (  جۆن نۆكس ) گەشتە ئۆسكۆتلەندا و دواتر بەهەموو ئەوروپادا بڵاوبویەوە.

ئەوە بە تەنها لە ئینگلتەرە دا بوو كە بزوتنەوەی چاكسازیخوازی لە نێوان ساڵانی 1529_1536دا زیاتر لەوەی وەك شێوەیەكی ئاینی وە دەربكەوێت شێوەیەكی سیاسیانە و دەسەڵا تخوازانەی هەبوو.

بیانوش بۆ ئەمە ژنهێنانەكەی ( هینری هەشتەم ) بوو كە  پا پا رەفزی كرد كە ئەمەش هاوكاتی درێژبونەوە و بە هێزتربونی دەسەڵاتی رەها و بەردەوامی  پاشاكانی ئینگلتەرە دا بوو لەو وڵاتەدا.

ئاما نجی فیعلی لە پشت هەموو ئەو چاكسازیانەشەوە بە یەكخستنەوەی هەردوو سەرچاوەی زەمەنی وئاینی دەسەڵات بوو لەدەستی تاكە

دەسەلاتدارێکدا.

بۆ ئەوەش کە ئەمە وەدییێت پادشا دەستی گرت بەسەر موڵکەکانی کەنیسەی (ئـەدیرە)دا.دواتـریش کەنیسـەی (الانكليكانيـة) چـەند چاکسازی بنەڕەتی ئە نجامدا، بۆ نمونـە لـە سـەردەمی (ئیـدواردی شەشـەم) ئـەم کەنیسـەیە ئینجیلیچـکی تاییـەت بـە خـۆی بڵاوکـردەوە بەناوی( کتێبی نوێژە )وە و ئەمەش کورتکردنەوەیەکی عەمەلی (کتێبی پیرۆز) بوو وە چەندین سەرچاوەی نیشـتیمانی و فۆلکلـۆری لـەدەرەوەی مەسیحیەتی تەقلیدی تیادابوو.

بەڵام دیارترین گۆڕانکاری کە لە کۆمەڵگای ڤاتیکانیدا رویدا لەساڵی 1962-1965 و لەسەردەمی پا پا یۆحەنای بیست و سێ دا بوو. ئەم پیاوە دەرگای بە زانستیکردنی چەندین وەزیفەی ئیداری و دوبارە چاوگێڕانەوە بە هەندێك لایەنی شێوەی خوا پەرسـتی خسـتە روو، ئەمـە جگە لە تەنازولاتە بەردەوامانەی کە دەیکات لە چـەندین بابـەتی کۆمەڵایـەتی و جینسـی، هـەروەها لـە هەنـدێك روداوی مێـژووی و داوای لێبوردنکردنیش لە کاسۆلیکەکان و غەیرە کاسۆلیکەکانیش ئەوانەی کە قوربـانی دەسـتی دادگاکـانی تـەفتیش و شـەڕە مێژوییـە درێـژەکانی کەنیسە بون.

سەرچاوەکانی / سایتی (البيان)